يەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
مەكتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە / ٢٠٧ بەروار / ٢٣ / ٦ / ٢٠٢٠

**حوكمی مامەڵە كردن بە دراوە ئەلیكترۆنیەكانی وەك: ( بت كۆین، پای كۆین، ... هتد ).**

**قال الله تعالى: ({فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣).**

**الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين:**

دوای ئەوەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بەرواری ٢٠١٨/٤/٥ مامەڵكردنی بە دراوی (وەن كۆین) بە حەرام دانا، چەندین پرسیار ئاراستەی ئەنجومەن كرا سەبارەت بە هاوشێوەكانی ئەم جۆرە دراوە وەك( بت كۆین، پای كۆین.. هتد)، ئەنجومەنمان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە بەرواری ١٧/شەووالی/١٤٤١هـ = ٢٠٢٠/٦/١٠م بە پێویستی زانی حوكمی شەرعی بۆ هەموو ئەو جۆرە دراوە ئەلیكترۆنیانە بۆ موسوڵمانان ڕوون بكاتەوە، بۆ ئەوەی موسڵمانان بە گشتی حوكمی ئەو دراوانەی ئێستا لە بازاڕەكاندا مامەڵەیان پێوە دەكرێت وهەر دراوێكی دیكەی ئەلیكترۆنی دیكەش كە داهاتوودا پەیدا دەبێت بزانن .

یەكەم : پێناسەی دراوی ئەلیكترۆنی شفرەدار: بریتیە لەو دراوە ئەلیكترۆنیە ژمارەییەی كە زۆر وردی ڕێك خراوەو هیچ بوونێكی فیزیایی وماددی لە واقیعدا نییە.

وێنەی زۆرینە لە دەر كردنی ئەم دراوە ئەوەیە كە دەردەهێنرێت لەڕێگەی كردارێكەوە كە پێی دەوترێت: (بە كانزایی كردنی دراو). بەشێوەیەك پشت دەبەستێت لە گشت قۆناغەكانیدا بەچەند ئامێرێكی ژمێریاری ئەلیكترۆنی خاوەن لێكدانەوەی خێرا، لە ڕێگەی بەكارهێنانی چەند بەرنامەیەكی دیاریكراوی بەستراوە بەتۆڕی جیهانی زانیارییەوە (الانترنيت) .

دووەم: جیاوازی لەنێوان ئەم جۆرە دراوانەو دراوە كاغەزییەكان:

١. زۆربەی كات دراوی كاغەزی تەنها لەلایەن بانكە ناوەندییەكانی دەوڵەتە دان پێدانراوەكانەوە دەردەچێت، بە پێچەوانەی دراوە ئەلیكترۆنیەكانەوە، كەواتە پاڵپشتێكی یاسایی نییە .

٢. نرخی ئەو دراوانە لەماوەیەكی كەمدا بەشێوەیەكی زۆر بەرچاو بەرزو نزمی دەكات، وە كاریگەر دەبێت بە گۆڕانكارییە زۆرەكانی بازار، بەهۆی نەبوونی بنكەو دامەزراوەیەك بۆ نرخ پێدان و ئاڵو گۆڕ پێكردنی و نرخ بۆدانانی، وە نەبوونی هیچ بنكەیەك بۆ چاودێری كردنی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی زۆر بوونی "سیولەكەی" لە بازارەكاندا، و پاڵپشتی نەكراوە بەهیچ

دراوێکی بەهێز، بۆیە بە هۆی ئەو مەترسییە زۆرانەوە نزیکە لە قومارو یانسیبەوە کە لە شەریعەتدا حەرام کراوە . خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (سورة البقرة: ٩٠).

بەڵام لەکاتێکدا بەزۆری دراوی کاغەزی کاریگەر بوونەکەی پەیوەندیدارە بە بەهێزی ئابوری دەوڵەت و بێهێز بوونیەوە.

٣. ئەم جۆرە دراو و پارەیە لە هیچ درووست کراوە و، دانەپۆشراوە بەزێر یان بەزیو"لە بەرانبەریدا زێر یان زیو دانەنراوە" وەك دراوە کاغەزییەکان، لەبەر ئەوە دەوڵەتە بەهێزەکان لەرووی سەربازییەوە دەتوانن لەرێگای ئەم دراوە وەهمیەوە کە هیچ بوونێکی ڕاستەقینەی نییە دەست بەسەر ئابوری جیهاندا بگرن.

٤. ئەم جۆرە دراوە لەرێگەی بەرنامەوە لەژینگەیەکی ئەلیکترۆنی شفرە داردا بەرهەم دەهێنرێت، واتە هیچ بوونێکی نییە لە واقعدا و هیچ بەرجەستەییەکی نییە بە پێچەوانەی دراوی کاغەزی.

٥. چەندین ترسناکی زۆر و گومانی ڕوون دەورەی ئەم دراوەیان داوە، وەك نەبوونی دانپێدانانی یاسایی و، نەبوونی دارشتە بۆ دەستاو دەست پێکردنی و، نەبوونی چاو دێری بەسەریەوە، واتە دەگونجێت دەستاو دەستی پێ بکرێت بەرێگەی ئەلیکترۆنی گوماناوی.

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم دراوە:

١. کاریگەری نەرێنی زۆری هەیە لەسەر ئابووری تاك و گشتی.

٢. زیان بە هاوسەنگی بازاڕ و مانا و مەبەستی کارکردن دەگەیەنێت.

٣. ئەو کەسەی کە کار بەم دراوە دەکات هیچ پارێزراوییەکی یاسایی و چاودێرێکی نییە دراوەکەی بۆ بپارێزێت.

٤. ئەم جۆرە دراوە کار پێکردنی نادیاری و زیان و هەڵخەڵەتاندن و فێڵ لەخۆ دەگرێت لە بەها و پێوەر و دەستاو دەست پێکردنیدا.

٥. بەکار هێنانی سەردەکێشێت بۆ ترسناکی گەورە لەسەر ئاستی تاك و دەوڵەتدا.

٦. یەکە(وحدە) و پێوەری ژماردنی ئەو دراوانە بێ بنەماو دانەپۆشراون بە بنەما

| یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان | بسم الله الرحمن الرحيم | إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان |
| --- | --- | --- |
| مەكتەبی تەنفیزی | | المكتب التنفيذي |
| ئەنجومەنی باڵای فەتوا | | المجلس الأعلى للإفتاء |

ژمارە /　　　　بەروار /　　/　　/ ٢٠٢٠

بەرجەستە داراییە جێگیرەكان.

چوارەم: حوكمی شەرعی مامەڵەكردن بەم جۆرە دراوانە:

لەسەر بنەمای ئەو ڕوون كردنەوانەی لەخاڵكانی سەرەوەدا باسمان كرد سەبارەت بەمامەڵە كردن بەم دراوانە بەگشتی بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە مامەڵە كردن بەم دراوانە لە ئێستادا و بەو شێوەیەی كە ئێستا هەیە حەرامە، لە بەر چەندین بەڵگەی ڕون و ئاشكرا لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ.. الآية ﴾ ( سورة البقرة: الآية: ١٨٨) واتە: نەچن ماڵ وسامانەكانتان لە نێوان یەكتری بە بێ بەرامبەر و بێ بنەما بخۆن.

- هەروە پێغەمبەری خودا لە فەرمودەكانیدا هەموو جۆرەكانی فێڵ كردن و نادیاری لە مامەڵەكاندا حەرام كردووە وەك دەفەرموێ: (مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا) رواه مسلم

- ئەم جۆرە دراوانە و مامەڵە پێوەكردنیان پێچەوانەی مەبەستە باڵاكانی شەریعەتن كە یەكێك لەو مەبەستە باڵایانە پاریزگاری كردنە لە ماڵ و سامان بە هەموو جۆرەكانی پارێزگاریكردن.

وەئەمەش ڕای زانایانی سەردەم و ناوەندە متمانە پێكراوەكانی فەتوا یە لە جیهانی ئیسلامیدا .

(والله تعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه والحمد لله أولا وآخرا.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان

٢/ذو القعدة/١٤٤١هـ = ٢٣/٦/٢٠٢٠م = ٢/ پوشپەڕ/ ٢٧٢٠ك